# سەعدوون!

سولەیمان فەرشی

شارە خنجیلانەکەی بۆکان بە یەکجاری شڵەژابوو، داری بە سەر بەردیدا نەمابوو، روخساری مەندو لە سەرەخۆی تێک چووبوو. دەبێ شتێک رووی دابێ! یاخود "دەوری باڵندە" لە سەر ئەو شارە نیشتووە. شتێکی سەیر و سەرسوڕهێنەرە، شتیکی نائاسایی و کوت وپڕ...

خەڵکی بەسەر سوڕمانەوە باسی شتێک دەکەن،سەروچاوانیان تێک ناوە و خەریکی مشت ومڕن. باسی چی دەکەن؟ بوومەلەرزە هاتووە؟ سێلاو هێرشی هێناوە؟ شارەکە لە مەترسی پەلاماری دوژمن دایە؟

کابرایەکی زەلامی دەم و چاو خولێرکاوی کە گوپی لە کاڵکی بڵ دەچێ، دەڵێ:" کاکە، بە جارێک ئابڕومان چووە، خەڵکی شارەکانی تر گەمەمان پێدەکەن و دەڵێن– ئەو شارە پیاوی تێدا نیە، جەنگەڵی ئامازۆنە–!"

مەلایەکی ڕەقەڵ بە تورەییەوە دەڵێ:" راستە، ئەوە بێ حورمەتیە بە دینی ئیسلام، بە دایک و خوشکەکانمان!"

کابرایەکی قەڵەوی گیپن، زگی دێنێتە پێشەوە، شەویلکەکانی لێک دەدا و زمانی لە ئاشی زاریدا دەگەڕێ و پریشکی ئاوی زاری دەبارێنێ:" خەتای خۆمانە ئەو شارە بۆتە شاری بێ دەروازە، گەورە و چوکە نەماوە. پیاوە ماقوڵ و ریش سپییەکان جوابیان نادرێتەوە، قانون و نەزم،ئەستەغفروڵا هەر باسیان ناکرێ، هێندێک سەررووتی نەفام بوونەتە دەمڕاستی ئەو شارە، قامک بە چاومان دا دەکەن، بە گۆپاڵ شارمان بۆ دەپارێزن، هەر یەکەو بۆخوی کویخودایەکە، ناوێری بجولێیەوە مۆرێک لە ناوچاوانی دەدەن، هەربۆیەش تاعون کەوتۆتە ئەو شارە، بۆتە شاری جندۆکان!"

کابرایەکی خڕ و کورتەباڵا، چاوچکۆلە، کە تووکی پێش سەری هەمووی وەریوە و شوێنی کڵاوی لەبەداری،بە ناوچاوانیەو دیارە دەڵێ:" کاکە گیان لە جیاتی ئەو قسانە بیر لە دۆزینەوەی چارەیەک بکەن!"

کابرای قەڵەو:"چارەی چی؟! بەخوادا هەر دەستی بۆ بەرین، هەزار قسەمان پێدەڵێن، ئەوە هیچمان نەکردوە هەزار ناو و نیتکەیان لێناوین."

کابرای کورتە باڵا:"دەیجا بۆخۆیان چارەیەک بدۆزنەوە."

یەکێک لە ناو خەڵکەکەدا هەڵدەداتێ و دەڵێ:"ئەوە بە کاری خۆیان نازانن!"

کەسێکی تر:"یانی لایەنگری لەو بێ حورمەتیە دەکەن؟!"

مەلاکە:"ئەرێ وەڵا، هەر بۆخۆیان هیناویانە، مەگەر نەتاندیوە وەک مەیمون بە شاردا دەیگێڕن و وەک پاڵەوان کەچەڵ و و بی بی جان خانم هەڵیدەپەڕێنن، ئەوانە لۆتین لۆتی!"

دەنگێک لە نێو خەڵکەوە:" وانیە مامۆستا، ئەوانە زۆر پیاوی ماقوڵیان لە گەڵە، زۆر کوڕی باش و خوێندەوار و زۆر...

مەلا:" یەک لەوانە تۆی؟!

قەرەباڵغەکە زیاتر دەبێ و هەرکە قسەیەک دەکات. کەس ئاگای لە کەس نیە، لە ناکاو هەموو واقیان وڕ دەمێنێ.

کابرایەکی کزی لاوازی سەرتاشراوی، چاو بەقوڵ داچوو، بە ناوەڕاستی شەقامەکەدا ڕادەکا، کەواو پانتۆڵێکی سوورمەی تازەی هەرزانبایی لە بەردایە، پشتێنێکی تەخت رەشی گوڵ سپی بشوروبپووشی لە دەوری کەلەکەی هاڵاندووە. وەها بە توندی ڕادەکا، دەڵێی چیلکەی لە کونە مێش هەنگوین راکردووە و مێش راوەیان ناوە، خەلکێکی زۆر لە گەورە و بچووک وەدوای کەوتبوون، هێندێک لە خەیاتەکان هاواریان دەکرد:" بیگرن، مەهێڵن، مەهێڵن...

کابرا لە دەستیان ڕایدەکرد، دەستەکانی وەک دەستی تورومپای قەدیم هەڵدەوسووڕاند، لە ناکاو وەک کەروێشک رادەوەستا، ئاوڕێکی دەداوە، سڵی دەکرد و ڕای دەکردەوە.دەستێکی لە ناو پشتێنەکەی ڕاکردو و پشتێنی رەها کرد، ئەویش لە گەڵ خەڵکەکە وەشوێنی کوتبوو. گەیشتە نزیک مزگەتی بازار، دوگمەکانی کەواکەی کردەوە و خۆی لە دەستی کراسەکەشی رزگار کرد، دەتگوت کێچی دەکەوڵی کەوتووە و یا چزووی مێش هەنگوینەکان ئازاری دەدەن. خەڵک لەم بەرو ئەو بەری شەقام سەیریان دەکرد و لاوەکان قاقا پێدەکەنین.
یەکێک هەرای کرد:"کوڕە مەحزی ڕەزای خودا مەهێڵن دایکەنێ!
خەڵک وازیان لێنەدەهێنا، ئێستا گەیشتبووە گۆرەپانی چوارچرا، دەستی برد بۆ دۆخینی پانتۆڵەکەی و بۆی نەکرایەو، دەتگوت عەجەمە و بە زۆری پانتۆڵیان لە بەر کردووە و پزووی بۆ ناترازێ. دەستی بە پزووی پانتۆڵەکەیەوە بوو، وەک کانگۆرۆ هەنگاوی دەهاویشت، خەڵک سەر بە قوڕ پێیپێدەکەنین. وەک ماشێن دەورێکی گۆرەپانەکەی داو و لەم دەورەدا پانتۆلێشی لە لەشی دور خستەوە، تەنیا جووتە کەوشە جیرەکانی لە پێدا مابوو کە قاڵکراوی قاچەکانی ببوو لێی جیا نەدەبووە،سەرسمێکی داو لە پاشنەڕا هەڵیکێشا و لە پەنجەی پێیەوە هەڵیداشت و لەوبەری جوگەکەی سەرشەقامەکە کەوتە سەر عەرز. ئێستا خۆی رەها و ئازاد دەدیت، رووتی رووت بوو، وەک حەزرەتی ئادەم! هەموو گیانی پێست و ئێسقان بوو، وەک ئەوەی پاش خواردنی سێوە سوورەکە، هیچی تر بە گەروویدا نەچووبێت.
خەڵک بە شوێنیەوە بوون و جل و بەرگەکانیان بەدەستەوە بوو، لە ناو هاوار هاواردا ئەم قسانە دەبیسترا:"ئابڕوبەرەیە، نەدامەتە، تاعونە...
ناوی سەعدوون بوو. هەر ئەو جۆرەی لە دایک ببوو ئاواش گەورە ببوو. بەری پێی هەروەک بەردە پێ سووابۆوە، هێندە بە پێی خاوس رایکردبوو. پیاوێکی زل و زەلام بە گەڵ و گونی رووتەوە لە ناو شەقامی شارێکدا ڕایدەکرد. خەڵکی گووند بوو،تازە رێگای کەوتبووە شار و ببووە چەقەی ناو زاری خەڵک، باس هەر باسی ئەو بوو.
کۆمەڵێک لە پیاوە ماقوڵ و ریش چرمگەکانی شار بانگیان کردبوو، نان و کەبابیان بۆ کڕیبوو، زۆریان ئامۆژگاری کردبوو، پاشان بردبوویانە لای خەیات و کەواو پانتۆڵیان بە بەردا کردبوو. لایان وابوو کە بە نان و کەبابێک سەعدوون هەمووشتی دەگۆڕدرێ و دەستەمۆ دەکرێ. نەیان دەزانی کە ئەگەر ئەو جل و بەرگە وەک پێست بە گیانیەوە نووسابا ئەوە خۆی کەوڵ دەکرد و لەشی ئازاد دەکرد.
کۆمەڵێک جوان و جحێڵی شتی وانەدیو گاڵتەیان پێ دەکرد و دەبوونە هۆی ئازاری. دەیانبردە سەر حەوزە گەورە و لە بەر چاوی ژنان و کچان نمایشیان پێ دەدا. سواری مۆتۆریان دەکرد و بە کوچەو کۆڵاندا دەیان گێڕا، سەعدوون پێدەکەنی و غارغارێنێ لە گەڵ دەکردن.
XXXXXXXXXX
شار داگیر کرایەوە.
جوان و جحێڵ شاریان چۆڵ کرد. خەڵک فزەیان لێ دەرنەدەهات، ئەو جارێش راستی تاعونەکەی شارەکەیان دەهاتن. سوپای ئیسلام، ئاڵای رەشی بەرزکردبووە، داری مردنی داچەقاند و کفنی سپی دابەش دەکرد. سەعدون لە شار نەما. گەڕاوە گوندەکەی خۆی لەو شوێنەی کە خەڵک دەیانناسی. کەس رەپێی نەدەنا. کەس بە زۆری کەواو پانتۆڵی بە بەردا نەدەکێشا، کەس نان و کەبابی دەرخوارد نەدەدات، کەسێش ئازاری نەدەدا. هەموو لە گەڵی راهاتبوون، کەس پێی وانەبوو کە سەعدوون تاعونە. کەس پێی وانەبوو، شێتە یان مەیموونە!
لە گەڵ بەرەبەیانی بەهاردا، بە شاخەکاندا هەڵدەگەڕا و ئێوارە بە باوەشێک شنگ و گێلاخە و کەنگرەوە دەگەڕاوە ماڵەکەی.
سوپای ئیسلام وەربوونە ناو گوندەکانی کوردستان! کۆمەڵێک لە خەڵک گوندەکانیان چۆڵ دەکرد و پەرەوازە دەبوون. نۆرە گەیشتە گوندەکەی کە سەعدوون تێیدا دەژیا، گوندی کوێرەکانی. جحێڵ لە

گوندەکەدا نەمابوون، ژن و منداڵ و مرۆڤی بە ساڵاچوو مابوونەوە. سەعدوون مابۆوە، کێ کاری بەوە؟ پاسدار کوتنە پشکنینی ماڵەکان. پورە ئەسمەری دایکی سەعدوون ئەخت و چاری کرد نەیتوانی منداڵەکەی پۆشتە کا. شەو داهات کەس ماڵە وماڵ ناکات و لە ماڵەکەی دەرناکەوێ. سەعدوون سەربەست و دوور لە ترسی ژیان و مەرگ لە ماڵ دەردەکەوێ، دایکی بە شوێنیدا ڕادەکاو ناتوانێ بەری پێ بگرێ،سەعدوون بەرەو مزگەوتی دێ ملی ڕێگا دەگرێ،دایکی دەڵێ:" ڕۆڵە سەعە، ئامان سەد ئامان، وەرە دەخیلت بم،سەعە نەکەی، ئەو جارە بەقسەم بکە، ڕۆڵە جەرگم بریندار نەکەی!" پورە ئەسمەر لە هەناسە بڕکێدا دڵی لە خۆ دەبێتەوە و دەکەوێت. سەعدوون ئاوڕ ناداتەوە،ڕێگا بەرەو دارتووکەی لای مزگەوت لار دەکاتەوە.

سەعدوون وەک جاری جاران دور لە خەمی دنیا بە سەر دارەکەدا هەڵدەچێ. بارانی گوللە بە سەریدا دەبارێ.

شەوێکی ساڵی 1990